# ئەوەی مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بێت بە باوەڕ وئیمانەوە وچاوەڕێی پاداشت بێت لەسەری لە لایەن خوداوە؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بێت بە باوەڕ وئیمانەوە وچاوەڕێی پاداشت بێت لەسەری لە لایەن خوداوە؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت بە باوەڕەوە، وباوەڕی بە فەرزێتی ڕۆژووگرتن هەبێت وئەو پاداشتە زۆرەی خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ ڕۆژووگران، ومەبەستی لەم پەرستنەی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت نەک بۆ ڕیا وڕوپامایی بێت ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووتری خۆش دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4196

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee